# ئەبێ هوشیار زێباری لە کونگرەی (شەرەمەشێخ)دا چی بڵێت؟

## دکتور فایەق محەمەد گوڵپی

کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، لە دێرزەمانەوە تا ئەمرۆ هۆکارێکی بنەرەتی ناجێگیری سیاسی و ئابوری ناوچەی رۆهەڵاتی ناوەراست بووە، ئەگەر لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا چەندان کێشەی نەتەوەیی، ئاینی و مەزهەبی، ئابوری و کومەڵایەتی هەبن و باری ناوچەکەیان بەروە گێژا و ناجیگیری سیاسی بردبێت، کێشەی کورد یەك لە کێشە زیندووە بەردەوامە نەتەوەییەکانە، کە شانبەشانی کێشەی عەرەب ئیسرائیل بەردەوام ناوچەکەی ئاڵۆز کردووە و هۆکارێك بووە لە رێگەیەوە چەندان هەوڵی دەستهاویشتنی سیاسی و سەربازی بۆ ناو کاروباری ناوخۆی عراق و ئێران و تورکیا و رۆژهەڵاتی ناوەراست ئەنجام دراوە و باری ئاسایش و ئارامی ناوچەکەی بە گوێرەی قورسایی خۆی لەق کردووە.

بەرامبەر بە دیاردەی کورد و کێشەی نەتەوەیی گەلی کورد هەڵوێست و تێروانینی جیا جیا هاتۆتە ئاراوە، بەڵام هیچ کام لەو هەڵوێست و تێروانینانە نەیانتوانیوە کێشەکە چارەسەر بکەن و یەك لە هۆکارەکانی لەقکردنی ئاسایشی ناوچەکە بنەبربکەن. لە لایەن کوردان خۆیانەوە کە بە داگیرکاری و ژێردەستەیی رازی نەبوون، جۆرەها نارازیبوون و بەرخۆدانی سیاسی و چەکداری درووستبووە، بەڵام تا ئەمرۆش ئەو نارازیبون و بەرخۆدانە، هێندەی قورسایی کێشەکە نەبووە و بێ بەرنامەیی و کار و کاردانەوە و دەسەڵاتپەرستی بە سەر هزر و هەڵسوکەوت و بریاری سیاسی دەسەڵاتدارانی بزاڤەکەدا زاڵ بووە. ئەگەر چی لە باشوری کوردستاندا لە دوای راپەرین و رووخانی رژێمی سەدامەوە دەرفەتێك بۆ کورد هاتەپێشەوە تا لەو پارچەیەدا هەندێ ماف و ئازادی خۆی دەسکەوێت، بەڵام ئەبێ ئەو راستیە لە بیر نەکەین کە ئەو رەوشەی لە باشور دەیبینین ئەو کەمە دەسکەوتانەی لێرە بەدەستمان خست، بە هۆی سیاسەت و بەرنامەی راستی حزبە کوردستانیەکان و شۆرشەکانی کوردەوە نەهاتە پێشەوە، بەڵکوو بە هۆی هەڵە سیاسی و سەربازیەکانی رژێمەکانی عراقەوە درووستبوو. سوود وەرگرتن لە هەڵەی دوژمن کارێکی ئاساییە و نابێ هیچ هێزێك خۆی لێ بە دوور بگرێت، بەڵام ئەوەی تا ئێستە ئەیبینین دەسەڵاتی کوردی نەیتوانیوە وەك پێویست سوود لە هەڵەکانی دوژمنی خۆی وەربگرێت و چارەسەری کێشەکانی خۆی پێبکات.

تێروانین و هەڵوێستی هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان بەرامبەر بە کێشەی کورد، لە چوارچێوەی سیاسەتی شاردنەوەی راستینەی دیاردەی کورد و نکوڵیکردن لە بوونی نەتەوەیی گەلی کورد و چەمکی نەتەوەپەرستی نەتەوەی سەردەست دەرنەچووە، ئەو هەندە گورانکاریە نیوەو ناچڵ و رووکەشیانەی جار نا جارێك لە هەندێ وڵاتدا دەیبینین بۆ بەرژەوەندی سیاسیە و لە ژێر فشاردا ئەنجام ئەدرێن و کارێکی کاتی و تەکتیکیە، تا ئەمرۆش هیچ بەرنامەیەکی سیاسی دیموکراتی لە لایەن دەسەڵات و هێزە کومەڵایەتی و سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ئارادا نیە.

هەرچــی تێــروانین و هەڵوێــستی هێــزە نێونەتــەوەیی و نێودەوڵەتیەکانــە، بەرژەونــدی ئــابوری و سیاسـیان،دوورکەوتنەوەیان لـە ئاکـار و رەوشـتی مـرۆڤ و کومـەڵگای ئـازاد و دیمورکـات، وایـان لێـدەکات کێشەی کورد بە چاوی بەرژەوەندیخوازی و دوور لە رەوشتی مرۆڤایەتیەوە ببینن، تا ئێـستە هـیچ یـەك لـە هێـزە نێودەوڵەتیـەکان دەربـارەی چۆنیەتی خوێندنـەوە و شـێوازی چارەسـەرکردنی کێشەی کـورد هەڵوێستی سیاسی روون و و بەرنامەی ئاشکری نیە.

ئەوەی بـۆ کومـەڵگا و دەسـەڵاتدارانی کوردسـتان گرنگـە، ئـەبێ لـە سـەرەتادا ئـەم راستیەی دۆزی کـورد ببینن و بیخوێننەوە، دواتر ئایندەی ناوچەی رۆژهـەڵاتی ناوەراسـت و نەخـشەی سیاسـی جیهـان بخەنـە پـێش چـاویان و بــە جیهانبینیــەکی دیموکراتیانــە و یەکــسانی نەتەوەییــەوە پێیــدا بــچنەوە و لــە هاوکێشەکانیدا بە جدی کـار بـۆ چارەسـەرکردنی کێـشەی کـورد بکـەن. چارەسـەرکردنی کێـشەی کـورد کـارکردنی هەمەلایەنـەی پێویـستە، لـە سـەر ئاسـتی نـاوخۆی کوردسـتان پێویـستی بـە بیناکردنـەوەی کەسێتی تاك و کومەڵگای کوردستان هەیە، پێویـستی بـە راسـتکردنەوەی ژێرخـانی ئـابوری و ژێرخـانی ئیداری و یاسایی کۆمەڵگاو سیاسەت و دەسەڵات هەیە. لە سەر ئاستی ناوچـەکە و جیهـان، پێویـستی بـە کاری جدی راگەیاندن و دیبلۆماسی هەیە.ئەبێ ستراتیجی سیاسی گەلی کورد هەمووی لە پێناوی ئـەوەدا بێت، دیاردەی کورد و کێشەی کـورد وەك کێشەیەکی سیاسـی ناوچـەی رۆژهـەڵاتی ناوەراسـت بناسـرێت، ئەمەش پێویستی بە هێزێکی کـارا هەیـە کـە بنـەماکانی یـەکێتی نەتـەوەیی و سیـستەمی دیمـوکراتی و مرۆڤدۆستی، لە چوارچێوەی ستراتیجێکی نوێدا داڕێژێت، بـە تێکۆشـانی بـەردەوام کـار بـۆ سەرخـستنی ئەو ستراتیجە بکات.

ئـەمرۆ (2007-5-3 )لـە شـاری (شەرەمەشـێخ)ی وڵاتـی میـسر، بـە ئامـادەبوونی نوێنـەری 60 شەسـت وڵات، کونگرەیــەکی نێونەتــەوەیی دەربــارەی تێکــچوونی بــاری ئاسایــشی عــراق و هــەنگاونان بــۆ راستکردنەوەی باری گلاوی ئاسایش و ئابوری و سیاسی عراق دەبەسترێت، لەو کونگرەیـەدا نوێنـەرێکی کورد نوێنەرایەتی دیبلۆماسیەتی کومـاری عراقـی فـدراڵ دەکـات، ئەمـە مایـەی خۆشـحاڵی هـەموو گـەلی کوردە و دەسکەوتێکی سیاسیە، بەڵام ئەوەی کە گرنگـە ئـەو نوێنـەرەی گـەلی کـورد لـەو کونگرەیـەدا لـە بــیری نەچــێت ئەوەیــە کــە بــە بــیری ئامــادەبوانی بێنێتــەوە کێــشەی ســەرەکی کومــاری عــراق لــە چارەسـەرنەکردنی دیموکراتیانـەی کێـشەی گـەلی کـوردەوە سەرچاوەی گرتـووە، ئـەبێ هوشـیار زێبـاری وەزیری دەرەوەی عراق و نوێنەری گـەلی کـورد لـە حکومـەتی عراقـدا، چاوپۆشـی لـەم راسـتیە نـەکات و وەك خۆی بیخاتە روو، ئەبێ بە روونی و بە بێ دوو دڵی بڵێت مانـەوەی کێـشەی نەتـەوەیی گـەلی کـورد بـە چارەسـەرنەکراوی، هۆکـارێکی بـەردەوامی نـەبوونی ئاسایـشی عـراق و وڵاتـانی تـری ناوچـەکەیە، هۆکارێکی ناجێگیری سیاسی و ئابوری و ئاسایشی ناوچەکەیە، هۆکـاری بـەرپابوونی شـەڕەکانی ناوچـەی رۆژهـەڵاتی ناوەراسـتە و دەرگایەکـە هێـزە جیهانیـەکان لێیـەوە دێنـە نـاو کاروبـاری نـاوخۆی وڵاتـانی رۆژهـەڵاتی ناوەراسـتەوە، ئـەبێ ئـەو نوێنـەرەی کـورد لـەو کونگرەیـەدا پێـداگرییبکات لـە سـەر ئـەو تێگەیشتنە، کە تا کێشەی کورد لـە ناوچـەی رۆژهـەڵاتی ناوەراسـتدا چارەسـەر نـەکرێت، ئـەم ناوچـەیە ئاسایش و جێگیری سیاسی و ئابوری و کومەڵایەتی و ژینگەییش بە خۆیەوە نابینێت. ئەگـەر وا نـەکات ئەو کات هوشیار زێباری نە نوێنەری راستەقینەی کوردە و نە نوێنەری عراقە و نە کێشەکانی عـراق و

ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستیش ئاراستەی راست بەرەو چارەسەری وەردەگرن. خاڵێکی تر کە گرنگە بەرپرسی دیبلۆماسیەتی عراق و نوێنەی کورد لەو بۆنەیەدا پەی پێ ببات و لە بواری دیبلۆماسیدا کار بۆ جێگیرکردنی بکات، ئەوەیە کە دەبێ لە کاتی لێدوانی رەسمی و لە کاتی گفتووگۆی نارەسمیدا، لە پەراوێزی کۆبونەوەکاندا، لەگەڵ بەرپرسە دیبلۆماتەکانی جیهان و ناوچەکەدا قسە بکات و ساغی بکاتەوە کە کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا کێشەیەکی سیاسی نەتەوەییە و قورسایی خۆی هەیە، لە کێشەی عرەبە-ئیسرائیل کەمتر نیە، پێداگری بکات  لەسەر ئەوەی کە دەبێ دەوڵەتانی جیهان بەرامبەر بە کێشەی نەتەوەیی گەلی کورد، هەڵوێستی بێ خەمی  و بێ بەرنامەیی خۆیان تێپەرێنن، ئەبێ هێزە جیهانی و ناوچەیەکان لێکدانەوەیەکی سیاسی بۆ کێشەی کورد بکەن و بەرنامەیەکی چارەسەری دیموکراتیانە بۆ ئەو کێشەیە دارێژن و پەیرەوی بکەن.

2007-5-3